# سەردەمی شۆڕشی بەردەوام *



وەرگێرانو ئامادەکردنی
ئاسۆ شابان
٢٨ / ٠٤ / ٢٠٠٥

## بەشی دووەم

( ترۆتسکی ) دڵنیا بوو لەوەی کە چەند نەوە بەسەردەمی چەوسانەوەو ئاسۆیەکی نادیارو تاریکدا دەڕۆن ، بێ ئەوەی ناوی خۆیان یان تێڕوانینی خۆیان بۆ ئەو مێژووە ڕەشەی کە بە خوێن و کوشت و کوشتارگەری هاتووەو دەچێتە ڕێوە ڕێك بخەن .

مێژوو بەلای ئەوەوە کارێکی دەستکرد کراوی هۆشێك یان هێزێکی باڵا و بەهێز نەبوو ، بەڵکو گەشەیەکی بیولۆجی مێژووی مرۆڤ و بەدەست هێنانی ئەنجامی بەرهەمی داهێنانی مرۆڤ و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی ئەوانە لە سەرو ژیانێکی ئاژەڵی باوەوە .

( ترۆتسکی ) زۆر ڕاشکاوانە باسی لە کاریگەری مرۆڤ و جێدەستی ئەوان کردووە لە گۆڕانکاریەکانی ژیان و مێژوودا ، بە تایبەتی جێدەستی مرۆڤ لە پێشکەوتنی شێوەکانی بەرهەم هێنان و داهێنانە نەمرەکانیدا .

ئەو توانا ڕەهایەی مرۆڤ لە پێناو بنیادنانەوەو گەشەی پەیوەندیەکانی مرۆڤایەتیدا کردویەتی ، لە پێناو پاشەڕۆژێکی ڕۆشن و ئاسۆیەکی هیوا بەخشدا .

ئەم هێزوو توانایەش وای لێدەکات کە خاوەنی داهێنان بێت ، بۆ بەردەوام بوونی پێشکەوتنی شارستانیەت و زاڵ بوون بەسەر شارستانیەتە لە نێوچوەکاندا ، بە تایبەتی ئەو شارستانیەتانەی کە لەسەر ئاستی هێزی بەرهەم هێنانی بچووك پابەند بوون ، لە کاتێکدا کارەساتێکی سروشتی یان کۆمەڵایەتی یان داگیرکردنێك بەس بوو بۆ ئەوەی لەسەر ڕووی زەوی نەیان هێڵێت .

بەم شێوەیە لە دەستدانی هێزی کۆمەڵایەتی مرۆڤ پابەندە بە هێزی بەرهەم هێنانەوە ، چەندە مرۆڤ توانای گەشەی شێوەکانی بەرهەم هێنانی هەبێت ، ئەوا گەشەی پاشەڕۆژی مرۆڤ و بەردەوام بوونی پێدەبەخشێت .

شێوە تەکتیکیە تازەکان قۆناغێکی بەرچاوو ئاشکرای بری بۆ خزمەت بەم پێشکەوتن و بەردەوام بوونە ، کە خۆی لە خۆیدا ئەنجامی گەشەی داهێنانی مرۆڤە بەسەر ژیاندا .

دروستکردنەوەو ژیانەوەی شارستانیەت لە پاش ئەنجامی کارەساتەکانی جەنگ ، گەواهی ئەمە

دەدەن ، بەمەش هێزو توانای دەروونی و هۆشمەندی مرۆڤ گەش بینە ، بۆ بەردەوام بوون بە هیواو ئاسۆیەك ، بە داهاتووی مرۆڤ و گەشەی مادی و ژیان و پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكان ، ( ترۆتسكی ) بەم شێوەیە گەش بین بوو بە بەردەوام بوونی مێژووی مرۆڤایەتی .

ڕۆشنبیرێك دەڵێت :
(( ترۆتسكی باسی دروست بوونی سەدەی ئەتۆمی نەكرد ، ئەو پێشبینی ئەوەی نەكرد كە چەكێك دروست دەكرێت لە لایەن زاناو تەكنیكیەكانەوە ، كە دەتوانێت هەموو ئەم شارستانیەتەی كە هەیە لە بنەڕەتەوە ڕامالێ و تەنانەت بنەما بیولۆجیەكانی ئێمەش نەهێڵێت ، كەواتە توانای بەرهەم هێنانمان كردە قوربانی لە نێو بردنی خود ، ئەم خۆشباوەریەی ( ترۆتسكی ) پێش سەدەی ئەتۆمەو جێگەی بەزەییە )) .

بۆ چوونی ئەم ڕۆشنبیرە تەواو هەڵەیە و شیكردنەوەیەكی بێ ئەزموونە :
( ترۆتسكی ) باسی لە سەدەی ئەتۆم كردوە ، تەنانەت پێش ئەوەی كە یەكەم تاقیكردنەوەی ئەتۆمیش ڕوویدات ، لە كاتێكدا ئەم بیرو بۆ چوونە بە هیچ جۆرێك نەهاتە بیری سیاسەتمەدار و سەرانی تری دەوڵەت ، تا ئەمرۆكەش زانا گەورەكانی جیهان بە سەرسامیەوە لەم پێش بینیەی ( ترۆتسكی ) دەڕوانن * .
كەواتە ( ترۆتسكی ) بە ڕۆشنی باسی لەوە كردوە كە شۆڕشی ڕامیاری و كۆمەڵایەتی سەردەم هاوشانی شۆڕشێكی مەزنی زانستو تەكنیك دەبێت ، ( ترۆتسكی ) لەبەر ئەوەی كەسێكی ( ماركسی) بوو ، تەواو دڵنیا بوو لەوەی كە پێشكەوتنی مرۆڤ لە شێوەكانی بەرهەم هێنان و داهێناندا ، زیاتر بە هێزی دەكات لەبەرامبەر چەوسانەوەو تێكڕماندا .
هەموو پێشكەوتنێك لە یاسا كۆمەڵایەتیەكاندا دژایەتیە ناوەكیەكان تێك دەشكێنێت ، لە كۆمەڵگایەكی چینایەتیدا ، دەسەڵات گرتنی توێژێكی كۆمەڵایەتی باڵا دەست و دەسەڵاتداران بەسەر هێزە سروشتیەكاندا ، ئەم توانایە لە پێناو دەسەڵات گرتن بەسەر هێزە كۆمەڵایەتیە نەیارەكانی تری خۆیدا بەكاردەهێنێت ، لە پێناو چۆك پێدان یان تێكشكاندنیدا ، بە هەمان شێوەش دەبێت لەگەڵ دوژمنانی دەرەوەدا ، ( ماركس ) و ( ئەنگلس ) یش تەواو ئەمەیان لەلا ڕۆشن و بەرجەستە بوو .

==================================================================

* - ( شۆڕشی بەردەوام ) ، نووسینی ( إسحاق دویتشر ) ، وەرگێڕانی ( بشار أبو سمرا ) ، دار الطليعة / بيروت / الطبعة الاولى ١٩٦٤ .
* - ئەم پێش بینیەی ( ترۆتسكی ) لە نووسراوێكیدا هاتووە بە ناوی (( ڕادیۆ و زانست و تەكنیك و كۆمەڵگا )) ، لاپەڕەی ( ٦ تا ٩ ) .